# حەیف کەبەو سادەییە.. دەمرم

**ئیدریس عەلی**
Edrisali1972@yahoo.com

ڕێگایەك شك دەبەم پەلم بگرێ و
بمباتەوە نێو ئێوارە..
هەنگاوێك دەناسم
پێ بە پێ لەتەكما ڕێبكات
بەرەو خۆر..
دەرگایەك دەناسم
لكاوە بەدیواری چین لەسەر چینی خەیاڵەوە
هەركات گۆرانیم لێبرژێت
دەم بەخەندە
بەرووی نیازما دەكرێتەوە.
ئەستێرەیەكی پەناهندە
لەو دوورانەوە هاوڕێمە
سپێدان بەرلەوەی بچێتەوە بۆ ماڵی دڵ
بەدوایِن نەرمەتیشكی
لەخەوی شیعرم رادێنێ!
كۆترێكی ئیماندار
لەو بەرزاییانەی سۆزەوە هاوسێمە
جار جارە بەدەم وەنەوزی فڕین و
هەنسكی گماندنەوە
یەك دوو پەڕی نەخشینی
هەڵدەوەرێتە نێو حەوشی تەنیایمەوە.
ئیدی من دەچمە ژێر دار سنەوبەرەكەو
لەخۆشیا.. یان لەشەرما
ئیمانم بەعیشق و
ڕووناكیم بەخەندە لێدەرژێت..
لەناكاو خۆم دەهاومە نێو قولایی لەزەت و
نامەیەك بەخەتی مناڵی دەنووسم:
خودایە.. باڵی ئەم هەموو فڕین و
باخچەی ئەم هەموو ڕەنگ و
فوارەی ئەم گشت بۆنانەت
لە كوێتا حەشاردا؟
ناكاو چوون لاشەی مردوویەك
سارد.. سارد
دەبمەوە
تەزویەك لەنوكی پێی عیشقمەوە هەڵدەكات
بەرەو سەر تەوقی شیعر

خۆم دێتەو یاد
چیم دەکرد بەلێوی ئەم جگەرەوە
کەئاوا یەك نەختم لەوسەری سوچی غەمێکدا
بێدەنگ.. بێدەنگ
بەلێواری خەرەندی تەنیاییەوە ماوەتەوە:
خودایە.. خودایە
لەخۆبردوویی ئەم گشت سێبەرو
بەخشندەیی ئەم گشت رووناکیو
نەوازشی ئەم گشت ماچانەت
چۆن چۆنی بەخشییە من؟
من کە پێیەکم لە دۆزەخی ژنو
پێیەکم لە جەنەتی شیعردایە..
من کەدستێکم بەبەرۆکی حوزنو
دەستێکم لەجۆگەلەی شیرینی مەیدیە..
چۆن چۆنی رێگەت دام
بێمەوە ژێر فوارەی شینی رەحمەتت؟
رەنگە ئەمە دواین دێڕی نامەکەی من بیبت بۆ خودا
رەنگە ئیتر تاکەو تاك
شەقامێكو باخچەیەك
لە پێکەمو.. ئیتر بمرم:
من دەمرمو ئەفسوس
خۆر لەهەڵهاتنو
باڵندە لەفرینو
رووبار لەسەفەرو
تاڤگە لە هاژە و
مۆسیقا لەحوزن ناکەوێت..!
ئەفسوس دەمرمو
گوڵ رازوەتر خۆی دەگۆڕێو
چرا بەعیشوەتر دەگڕێو
پە نجەرە عەیرانەتر دەکرێتەوە بۆ روانینو
درەختیش لە جاران رووتتر دەبێتەوە بۆ باران..
ووووووووای.. درەختی جوان
ئەی درەختی میهرەبانی لای عیشق
لە داخی کێ لاشەی نیوە رووتو یوە تەڕت
بە خۆردا هەڵدەخەیت؟
من دەمرمو دەزنم
هیچ لە ژمارەکان کەم ناکاتەوە
گەلا سەوزتر دەچێتەوە شەڕی خەزان
دەرگای شەوێ هێمنتر لەزەنگێك دەکرێت
قوتابیە دڵتەڕەکان بەعیشقەو دەچنە محازەرەکانی ماچەوە.

حەیف کەدەمرم

چەمێ باغێ نابنە گۆڕم!

کاتێ دەمرم شەوێکە خەواڵو

لەبەردەم چرایەکی بێدەنگی ژیانا

ئیتر دڵنیام

مناڵێك نیشتمانی بێشکەکەی چۆڵ ناکاو

هەورێك نابێت لافیتەی رەشمو ( خوا سەبوری گشت لایەك.... )

فاتیحیەك لەسەر کێلی گۆڕەکەم نانووسرێو ( بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە.. ئەمە گۆڕی.... )

دەفێك لەبەزمی خۆی ناکەوێو

کچێکی هاوسێمان

سوراوەکەی لێوی کاڵ کاڵ ناکاتەوەو

گۆرانیەك نایەتە پرسەمو

جگەرەیەك خۆیم بۆ ناسوتێنێو

گوڵێك لە نازو مەکرو

هەنارێکی عازەب لەسور پۆشی خۆی ناکەوێ..

حەیف کەمردنو ژیانی من

وەك خواردنەوەی چایەکی عەسرانو

وەك پۆست کردی نامەیەكو

خوێندنەوەی شیعرێك

لەهۆڵێکی چۆڵداو

لەیاد چونەوەی ژمارە تەلفوتێكو

وەك دەستگرتنی حافزێكو

پەڕینەوەی مراویەكو

دڕاندنی لا پەڕەی رۆژنامەیەكو

زیز بوونی ناکاوی دوومناڵ سادەیە..

حەیف خودایە

کەمن

بەو

سادەییە

دەمرم.